# (چارەنووسی گەلەکەمان لە دوو ڕیانی ئیرادەی کورد و ئیدارەی کوردیدا[١])

رفعت هەڵەبجەیی

لەوە ناخۆشتر نیە کە مرۆڤ باجی هەڵەی کەسانی تر بدات.
بەڵام لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە کە باج دەرەکە گەل و جەماوەر بێت و ئەوانەش کە هەڵەکان ئەکەن سەرکردە و حزبەکانی بن.
نزیکەی سەدەیەکە گەلی کوردی ستەمدیدە. لەلایەن ڕژێمەکانی عێراقەوە بە ئاگر و ئاسن مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێت. جەماوەری کوردیش بۆ ڕەتدانەوەی ئەو زوڵم و چەوسانەوەیەی کە لەلایەن دوژمنەکانیەوە لێی دەکرێت، چەندین شۆڕشی بەرپا کردووە و لەو پێناوەدا نزیکەی یەك ملیۆن شەهیدی بەخشیوە و چەندین شار و لادێی لەگەڵ زەوی تەخت کراوە و بە دەیان هەزار خەڵکی ئەنفال و جینۆساید کراوە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە هەموو جارێك کە شۆڕشی گەلی کورد ئەگاتە لوتکە و نزیك ئەبێتەوە لە بەدەست هێنانی مافەکانی تووشی شکست و هەرەس ئەبێت و بە کارەسات کۆتایی دێت.
کێ بەرپرسە لەم هەموو نسکۆ و شکستانەی کە بەسەر ئەم گەلە ستەمدیدەدا دێت.
... دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا... جوگرافیای سیاسی... سەرکردەکانی کورد
هەریەك لەم ناوانەی سەرەوە بەشێکی گەورەی لە تۆبالی ئازار و ئەندێشەکانی ئەم گەلەیان گرتۆتە ئەستۆ.

* وڵاتە زلهێزەکانی دنیا....

جەنگی جیهانی یەکەم کە کۆتایی هات ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕووخا و میراتەکەی بەش کرا لە نێوان وڵاتە براوەکاندا. زۆربەی وڵاتانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای جەنگی جیهانی یەکەم سەربەخۆییان وەرگرت و بوونە دەوڵەت کەچی ئەم قۆناغە سیاسیە بۆ گەلی کوردی بەدبەخت مایەی نەهامەتی و پارچەپارچە کردن بوو. پەیمانی سیڤەری ١٩٢٣ و هەڵوەشاندنەوەی لەلایەن داگیرکەرانەوە هەروەها مۆرکردنی پەیمانی لۆزان کە کوردستانی تیا دابەش کرا. هەروەها پەیمانی جەزائیر ١٩٧٥ و هەروەها پشت هەڵکردن لە کۆماری مهاباد ئەمانە هەموو دەست تێوەردانی سلبیانەی داگیرکەران و زلهێزەکانی دنیا بوون لە شۆڕشەکانی گەلی کورد.

## * پێک هاتەی جوگرافیای سیاسی (Geio POLatic)

پێک هاتەی جوگرافیای سیاسی خاکی کوردوستان هەمیشە ڕۆڵێکی نەگەتیڤانەی بووە لە کێشەی نەتەوەی کورددا.
نەبوونی سنورێکی دەریایی و ئابلوقەدانی هەرچوار سنوری کوردستان بە دوژمنەکان کاریگەریەکی ئابووری و سیاسی گەورەی کرد لەتە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و هەرەس هێنانی شۆڕشەکانی.

## * سەرکردەکانی گەلی کورد.

گەلی کورد یەکێکە لەو میللەتانەی دونیا کە درێژترین وخوێناوی ترین مێژووی خەباتی سیاسی هەیە بۆ بەدەست هێنانی مافە نەتەوەیی یەکانی.
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکەمین نەتەوەی دونیایە لە ڕووی گەورەیی بێدەوڵەتی و لە ڕووی زۆری ژمارەی دانیشتوانیەوە کە هەتاکو ئەمڕۆ بێ دەوڵەت و بێ ئالایە. لەسەرەوە چەند هۆیەکی سەرەکیمان ئاماژە بۆکرد کە بوونەتە هۆی شکست هێنانی شۆڕشەکانی گەلی کورد.
بەڵام گەورەترین وکاریگەرترین هۆی هەرەس هێنانی شۆڕشەکانی کورد سەرکردەکانیەتی. نووسەرێکی سیاسی بەناوی (ئەحمەد تاج الدین) دەڵێ لە دوژمنەکانی دوژمنتر بۆ کێشەی گەلی کورد سەرکردەکانیەتی.
سەرکردەکانی گەلی کورد بە درێژایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد هەر خۆیان ناوەندی بڕیار دەربوون لە هەموو مەسەلە چارەنووس سازەکاندا و ئیرادەی خۆیان لەسەرووی ئیرادەی گەل و جەماوەرەوە بووە.
بڕیاری شەڕ و ئاشتی بڕیاری ڕێکەوتن نامە شومەکانی سەرانی کورد و ڕژێمە دکتاتۆرە یەک لە دوایەکەکانی عێراق هەر بە بڕیاری سەرکردەکانی بووە و هەرگیز پرس بە میللەت نەکراوە بەڵکو میللەتیان تەنها لە کاتی تەنگانەو ڕۆژە سەختەکانی شەڕ و خەبات دا بیرکەوتۆتەوە و بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمناندا بەکار هێناوە.

هەمیشە بۆشاییەکی فراوان و دوورو درێژ لە نێوان میللەت و سەرکردەکانیدا هەبووە ئیرادەی گەل و جەماوەر لە ئەزەلەوە سەلب کراوە.

ڕژێمەکانی عێراق هەمیشە هەوڵی داگیرکردنی خاک و ئاوی گەلی کوردی داوە.

بەڵام سەرکردەکانی کورد بەداخەوە بیروهۆشی ئیرادەی جەماوەریان داگیر کردووە لە هەزارەی سێیەمدا و لە سەردەمی عەولەمەدا ئەوانی تازە بە تازە گەلی کورد ئەگێڕنەوە بۆ سەردەمی عەشرەت و قەبیلە.

لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا ئەمە یەکەم جارە ئەو ئەستێرەی بەختی گەلی کورد ئەوەندە درەوشاوە و گەشاوە بێت. لە یەک کاتدا هەموو هەل و مەرجەکانی بۆ گونجا بێت و لە هەموو بوارەکانیدا ... سەربازی، سیاسی، ئابووری، ڕاگەیاندن، پشتگیری دەوڵی هەر هەمووی گەیشتۆتە لوتکە. بەڵام ئەوەی کە وێران و پەرت و بڵاوە تەنها ماڵی کوردە کە ئەمە گەورەترین خیانەتە بە شۆڕشی کورد و مافە نەتەوەییەکانی هیچ پاساوێکی سیاسی نیە بۆ بوونی دوو ئیدارە و دوو حکومەت و دوو ڕای جیاواز بەرامبەر بە کێشەی گەلی کورد. لە هەموو دەسەڵاتەکانی دنیادا بەرلەمانێک نیە تەمەنی ١٣ ساڵ بێت بەڵام لە کەلتووری سیاسی کورددا شتێکی ئاساییە. ئەگەر دەستوورەکانی عێراق نەبوایە تەمەنی بەرلەمانی ئێمە ئەچوو بۆ (٢٠) ساڵ کە ئەمە لە یاساکانی جەنگەڵیشدا پەیڕەو ناکرێت.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لەو دوو ئیدارەیە ئەوەیە داوا لە دوژمنەکانیان ئەکەن کەرکووک و خانەقین و ناوچە کوردییەکانی تر بگەڕێنەوە سەر کوردستان و دەرکراو و ئاوارەکانیان بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان. کەچی خۆیان هێشتا دوو ئیدارە و دوو حکومەت و ئاوارەکانی هەولێر و سلێمانی هێشتا نەگەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان جا بۆیە هەموو بۆچوونە سیاسییەکان ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەن هەتا سەرانی کورد بەو عەقڵییەتە بیربکەنەوە و گەندەڵی سیاسی و ئابووری و ئیداری گەیشتبێتە لوتکە و ماڵی کورد ئاوا پەرت و بڵاو بێت. گەلی کورد هەرگیز بە مافە نەتەوەییەکانی ناگات و حکومەتەکانی عێراق و شۆفینیزمیەتی عەرەب هەرگیز ئامادە نین ئەو دەستوورە کاتیە بکەنە دەستوورێکی هەمیشەیی لە ئەنجامدا ئەم ئەزموونەی گەلی کورد دەبێتە قوربانی سیاسەتی هەڵەی هەردوو ئیدارەی کورد و سەرکردەکانی.

2004.11.22